# من برین نیم

فازڵ عوسمان/ سویسرا



**( کارەساتی هەڵەبجە ،جینۆسایدێکە،هەسارەی شەڕ لێ ی بەرپرسیارە)**

من برین نیم تا ساڕێژ بم
زامیش نیم تا بکولێمەوە
خونچەیەک ئەرخەوانی
بە پشکوتنەوە
خەومەبینی
کرام بە پردێک
ئەتک کرام
بەسەر لاشەو
کاسەی سەرما
پەڕینەوە
ئاە....
ئاە...
ئاە....
هەڵەبجە هاوار
ئەنفالە هاوار
هاوار هەڵەبجە

تەنیا جێماوە
********************************
یادتان لە بیرمانا وون نابێ
داختان لە دڵمانا لە دڵمانا
لە ڕوحمانا
شەپۆلی ئەشک و سۆزە
لە دڵمانا خوێن ئەبارێنێ
هەر چوار وەرزە

ئاە....
ئاە....
ئاە...
هەڵەبجە هاوار
ئەنفالە هاوار
هاورهەڵەبجە
تەنیا جێماوە
*********************************
ماڵمان کردە قوربانتان
مناڵمان کردە فیداتان
ئێوەش وەکو پیشەتان
هەسارەی شەڕ
هەسارەی شەڕ
ئێوەش وەکو پیشەتان
بە تەنیا جێمان دەهێڵن*1
بە تەنیا جێتان هێشتم*
تاکو زریان بمچێنێ*
تەم و مژ دایپۆشیوم*
مانگە شەویش*
ناملاوێنێ

کرام بە پردێک
بە سەر لاشەو
کاسەی سەرما
هەسارەی شەڕ
پەڕینەوە

ئاە....
ئاە....
ئاە....

هەڵەبچە هاوار
ئەنفالە هاوار

هاوار هەڵەبجە
تەنیا جێماوە
**********************************

هاتووم خونچە جوانەکەی خۆم بلاو ێنمەوە
چاوی وەکو گوڵە بەڕۆژە
یراز ێنمەوە
هاتووم گشت قامیشەڵان
لە خەو هەڵسێنمەوە
هاتووم بەسەر هاتی ئەم پەندەیان
بۆ بگێڕمەوە

نەکا جارێکی تر ببن بە هاوڕێ ی ئەو کاروانەی
گەر لە خۆر نەڕوانێ
نەکا جارێکی تر ببن بە هاوڕێ ی ئەو کاروانەی
وا لە گەڵ خێڵی دوژمن لەو بەر ئاوا *2
لە ناو باخچەو ماڵی پاشا ، وا
بارگەو هەواری خۆی هەڵدابێ

2005/12/14 سویسرا

---

ئەم هەڵبەستەم لەسەر ئەساسی شیعرێکی ئاسۆ(بەکر ئەحمەد) هۆنیوەتەوە بە ناوی (بۆ ئەوەی ئیتربرین نەبم، لەو دیوانەی هەڵگری هەمان ناوە).هەروەها ئاوازیشم بۆ داناوە .

1*ڕەفیق سابیر دەڵێ:

بە تەنیا جێم مەهێڵن
ئەم شەو زریان دەمچێنێ
تەم و مژ دامدەپۆشێ
مانگە شەو دەمرفێنێ

2* گۆران دەڵێ :
باخچەی پاشا لەوپەڕ ئاوە
خێڵی دوژمن دەورەی داوە
ئەڕۆم ڕێگام لێ گیراوە
ناڕۆم چاوکاڵ لێم تۆراوە